**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ١٤٨٨٣ لە ٢٠٢١/١٠/٦**

پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (١٢) لە پەیڕەوی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی (١):** وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون بە هەماهەنگی فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی وەزارەت ساڵانە لە سەرەتای مانگی ئەیلول ئەم زانیارییانەی خوارەوە ئامادە دەکات و دەینێرێت بۆ سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و لە ماڵپەڕی فەرمی وەزارەت بڵاوی دەکاتەوە:

**یەکەم:** لیستی ئەو پسپۆرییانە و ژمارەی کورسییەکان کە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەستەبەرن بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا، کە لەلایەن فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان ئامادە دەکرێت.

**دووەم:** لیستی زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وڵات کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی باوەڕپێکراون، لەگەڵ لیستی ئەو سکۆلەر شیپانەی زانکۆکانی دەرەوەی وڵات ئەگەر بەردەست بوون.

**سێیەم:** ڕێنماییەکانی یەکسانکردنی بڕوانامەکان.

**چوارەم:** پەیڕە و ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی خوێندن.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بەپێی فۆرمی ژمارە (١)ی هاوپێچ لەگەڵ ئەم ڕێنماییە پێداویستییەکانی خۆیان لە (پسپۆری، ژمارەی کورسییەکانی خوێندن، جۆری بڕوانامە، و بابەتی توێژینەوەی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا) دەنێرن بۆ وەزارەتی پلاندانان، دواکات بۆ وەرگرتنی پێداویستییەکان بریتییە لە کۆتایی مانگی (کانونی یەکەم)ی هەموو ساڵێک دەبێت.

**دووەم:** وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، ساڵانە پلانێکی ناوەندی بۆ ژمارەی کورسییەکانی خوێندن و پسپۆرییەکان و جۆری بڕوانامەکان بۆ سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئامادە دەکەن، نابێت لە دەرەوەی ئەم پلانە مۆڵەتی خوێندن بدرێت، جگە لەو زەماله فەرمییانەی کە لەلایەن وڵاتان و زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی هەرێم دەبەخشرێن و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایاندەگەیەنێت، یان ئەو زەماله فەرمییانەی کە لەلایەن وڵاتان و زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی هەرێم دەبەخشرێن یان ڕادەگەیەنرێن، و باوەڕپێکراون لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

**سێیەم:** ئەو پلانەی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە، لە ماوەیەک کە ساڵانە لە کۆتایی مانگی (ئادار) تێپەڕ نەکات، سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەتی لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

**چوارەم:** بۆ خوێندنی دەرەوەی وڵات، وەزارەتی پلاندانان ناو و ژمارەی ئەو فەرمانبەرانە دەداتە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە لە پێشبڕکێی بەدەستهێنانی مۆڵەتی خوێندندا سەرکەوتوو بوون، لە ماوەیەکدا کە ساڵانە لە کۆتایی مانگی (حوزەیران) تێپەڕنەکات، بۆ ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دۆسیێی خوێندنیان بۆ بکاتەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ڕێکاری پێدانی مۆڵەتی خوێندنیان بۆ ئەنجام بدەن بەپێی ئەم ڕێنماییە.

**پێنجەم:** بۆ خوێندن لە ناوەوەی وڵات، تەنها پێدانی لارینەبوونی لایەنی پەیوەندیدار پێویستە بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێی وەرگرتن لە چوارچێوەی پلانی پەسەندکراو و ئەگەر لەحاڵەتێکدا زیاتر لە کاندیدێک لە پێشبڕکێی وەرگرتن دەرچوو ئەوا بەپێی ڕیزبەندی خاڵی بەدەستهاتوو لە پێشبڕکێی وەرگرتن کە لە زانکۆکان ئەنجام ئەدرێت، تەنها ئەوانە مۆڵەتی خوێندنیان پێ دەدرێت کە دەکەونە چوارچێوەی پلانی پەسەندکراو و ئەوانیتر مۆڵتەیان پێ نادرێت.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** بەفەرمانی وەزیری پەیوەندیدار یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت، لیژنەیەکی ناوەندی بەناوی (لیژنەی مۆڵەتی خوێندن) پێک دێت، بەسەرۆکایەتی فەرمانبەرێک کە پلەکەی لە بەڕیوەبەری گشتی کەمتر نەبێت یان ئەوانەی هاوتای ئەو پلەیەن لەو دەستە و دەزگایانەی کە بەڕێوەبەری گشتییان نیە، لەگەڵ دوو ئەندام کە پلەی وەزیفییان لە بەڕێوەبەر یان هاوتای ئەو پلەیە کەمتر نەبێت و یەکێکییان بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە بواری یاسا، جگە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە پێویستە سەرجەم سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکە پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.

**دووەم:** ئەو لیژنەیەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە، ووردبینی ئەو داواکارییانە دەکات کە لەلایەن فەرمانبەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ مۆڵەتی خوێندن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پێشکەش دەکرێن، لەگەڵ دڵنیابوون لە هەبوونی ئەو مەرجانەی کە لە پەیڕەوی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ و ئەم ڕێنماییە دیاری کراون بە ڕەچاوکردنی ئەو پێوەرانەی کە لە ماددەی (٥)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە، دواتر ئەم لیژنەیە ڕاسپاردەکانی بە کۆنووسێک بۆ وەزیری پەیوەندیدار یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت بەرزدەکاتەوە بەمەبەستی پەسەندکردنی.

**سێیەم:** بە فەرمانی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پلاندانان پێکدەهێنرێت، بەسەرۆکایەتی فەرمانبەرێک لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، بۆ ووردبینیکردنی ئەو تانانەی کەلەسەر ئەنجامی پەسەندکراوی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە پێشکەش دەکرێن.

**ماددەی (٤):** وەزیری پەیوەندیدار یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت مۆڵەتی خوێندن لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات دەدات بە فەرمانبەر بە مووچە و دەرماڵە جێگیرەکان بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، بەم مەرجانەی خوارەوە:

**یەکەم:** دەبێت پلەی وەزیفی فەرمانبەر، لە پلە یەک و خوارتر بێت بەپێی خشتەی کارپێکراوی پلەی وەزیفی و مووچە، کە لە پاشکۆی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)دا ئاماژەی پێکراوە.

**دووەم:** وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان، ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان، و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، و سەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تا لەو پلەیەدان ناتوانن داوای مۆڵەتی خوێندن بکەن، ئەگەر درێژە بە خوێندن بدەن بڕوانامەکانیان یەکسان ناکرێت و هیچ ماف و ئیمتیازاتێکیان پێنادرێت، حوکمەکانی ئەم بڕگەیە حاڵەتەکانی پێش بەرکاربوونی پەیڕەوی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ ناگرێتەوە.

**سێیەم:** فەرمانبەر دەبێت بڕوانامەی لە زانکۆ یان دامەزراوەیەک وەرگرتبێت کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی باوەڕپێکراو بێت و ڕاستاندن یان یەکسانکردن بۆ بڕوانامەکەیان کرابێت، و دەبێت بڕوانامە و پسپۆری خوێندنی فەرمانبەر پەیوەندی بە پسپۆری بڕوانامەی خوێندن و کاری فەرمانبەرەوە هەبێت، فەرمانگەکەشی پێویستی بەم بڕوانامە و پسپۆرییە هەبێت.

**چوارەم:** فەرمانبەر دەبێت لە ڕۆژی داواکردنی مۆڵەتی خوێندن (٢) دوو ساڵ خزمەتی کردەکی لە ڕاژە تەواوکردبێت پاش وەرگرتنی دوایین بڕوانامەی پەسەندکراوی. لە حاڵەتێکدا ئەگەر فەرمانبەر هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بوو، ئەوا بۆ خوێندنی ماستەر ماوەی (٢) ساڵ خزمەتی کردەکی لە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بۆ ئەژمار دەکرێت.

**پێنجەم:** فەرمانبەر دەبێت نووسراوی وەرگرتن (قبول)ی لە یەکێک لە زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا باوەڕپێکراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەدەستهێنابێت.

**شەشەم:** فەرمانبەر ناتوانێت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس داوای مۆڵەتی خوێندن لەدەرەوەی عێراق بکات.

**مـاددەی (٥):** بنەماکـانی پێشـبڕکێ بەپێـی سیسـتەمی خاڵبەنـدی دەبێـت لە سـەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، بەم شێوەی خوارەوە بێت:

| ژ | خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر | ڕێژە | خوێندنی دکتۆرا | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| ١. | تێکڕای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس | ٪٣٠ | تێکڕای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس | ٪٢٠ |
| ٢. | ڕیزبەندی دەرچوون (بەکالۆریۆس) | ٪٣٥ | ڕیزبەندی دەرچوون (بەکالۆریۆس) | ٪١٥ |
| ٣. | ساڵانی خزمەت دوای بەکالۆریۆس | ٪١٠ | ساڵانی خزمەت دوای بەکالۆریۆس | ٪١٠ |
| ٤. | تەمەن | ٪٥ | تەمەن | ٪٥ |
| ٥. | توانستی زمانی ئینگلیزی | ٪١٠ | توانستی زمانی ئینگلیزی | ٪١٠ |
| ٦. | چاوپێکەوتن | ٪١٠ | چاوپێکەوتن | ٪١٠ |
| ٧. | | | تێکڕای نمرەی بڕوانامەی ماستەر | ٪٢٠ |
| ٨. | | | توێژینەوەی زانستی (بڵاوکراوە) | ٪١٠ |
| | کۆی گشتی خاڵەکان | ٪١٠٠ | کۆی گشتی خاڵەکان | ٪١٠٠ |

**یەکەم:** ئەژمارکردنی ڕێژەی تێکڕای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بۆ خوێندنی ماستەر تێکڕای نمرەی بەکالۆریۆس جارانی (0.3) دەکرێت و بۆ خوێنـدنی دکتـۆرا تێکـڕای نمـرەی بەکـالۆریۆس جـارانی (0.2) دەکرێـت. لە حاڵەتێکـدا ئەگەر فەرمـانبەر هەڵگـری بڕوانـامەی دبلـۆمی بـاڵای یەک سـاڵەی ئەکـادیمی بـوو ئەوا نمـرەی هەمـوارکراو لە بـری نمـرەی بەکـالۆریۆس بەکاردەهێنرێـت، نمـرەی هەموارکراو بریتییە لە ڕێژەی (٪٦٠) بۆ بەکالۆریۆس و ڕێژەی (٪٤٠) بۆ دبلۆمی باڵا.

**دووەم:** ئەژمـارکردنی ڕێـژەی ڕیزبەنـدی دەرچـوونی بەکـالۆریۆس، ئەنجـامی ئەم هاوکێشـەیە {(کـۆی ژمارەی دەرچووان – ژمارەی دەرچوانی پێش کاندید/ کۆی ژمـارەی دەرچـووان)} بـۆ خوێنـدنی ماستەر جارانی (٣٥) دەکرێت و بۆ خوێندنی دکتۆرا جارانی (١٥) دەکرێت.

**سێیەم:** ئەژمارکردنی ڕێژەی ساڵانی خزمەت، لە هەردوو خوێنـدنی ماسـتەر و دکتـۆرا بـۆ هەر سـاڵێکی خـزمەت (١) خـاڵ وەردەگرێـت تـاکو (١٠) سـاڵ خـزمەت، لەسـەرووی ئەمەوە هـیچ خـاڵی زیـاتر وەرناگرێت.

**چوارەم:** ئەژمارکردنی ڕێژەی تەمەن، بۆ خوێندنی ماستەر تـاکو تەمەنـی (٢٥) بیسـت و پێـنج سـاڵ (٥) پێنج خاڵی تەواو وەردەگرێت و لە دوای بیست و پێنج ساڵیەوە بۆ هەر ساڵێکی زیاتری تەمەن نیو نمرە (0.5) دائەبەزێت و لە تەمەنی (٣٥) سی و پێنج ساڵ و بەسەرەوە هیچ خاڵ وەرناگرێـت. بـۆ خوێندنی دکتۆرا تاکو تەمەنی (٣٠) سی ساڵ (٥) پێنج خاڵی تەواو وەردەگرێت و لە دوای تەمەنی سی ساڵیەوە بۆ هەر ساڵێکی زیاتری تەمەن نیو نمرە (0.5) دائەبەزێت و لە تەمەنی (٤٠) چڵ ساڵ و بەسەرەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت.

**پێنجەم:** ئەژمارکردنی ڕێژەی توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێ ئەم خشتەیەی خوارەوە دەبێت:

| خاڵ لە (10) | تاقیکردنەوەی IELTS | تاقیکردنەوەی TOEFL iBT | تاقیکردنەوەی TOEFL PBT | تاقیکردنەوەی PEARSON Academic (PTE) |
|---|---|---|---|---|
| 5 | 5 | 59 | 414 | 52 |
| 6 | 5.5 | 66 | 467 | 59 |
| 7 | 6 | 73 | 497 | 67 |
| 7.5 | 6.5 | 80 | 550 | 70 |
| 8 | 7 | 88 | 596 | 74 |
| 8.5 | 7.5 | 96 | 630 | 78 |
| 9 | 8 | 104 | 634 | 82 |
| 9.5 | 8.5 | 112 | 660 | 86 |
| 10 | 9 | 120 | 677 | 90 |

**شەشەم:** ئەژمارکردنی ڕێژەی تێکڕای نمرەی بڕوانامەی ماستەر، بۆ خوێندنی دکتۆرا تێکڕای نمرەی ماستەر جارانی (0.2) دەکرێت.

**حەوتەم:** ئەژمارکردنی ڕێژەی توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوە لە گۆڤاری زانستی باوەڕپێکراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بۆ خوێندنی دکتۆرا بۆ هەر توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە (١) خاڵ وەردەگرێت تاکو (١٠) توێژینەوەی بڵاوکراوە، لەسەرووی ئەمەوە هیچ خاڵی زیاتر وەرناگرێت.

**هەشتەم:** لەلایەن لیژنەی مۆڵەتی خوێندن کە لە ماددەی (٣)ی ئەم ڕێنماییە ئاماژەی پێکراوە چاوپێکەوتن ئەنجام دەدرێت بۆ پێشکەشکاران لە (١٠) نمرە، و دەکرێت لیژنەی لاوەکی پسپۆر پێکبهێنرێت لە حاڵەتێک ئەگەر ژمارەی پێشکەشکارەکان زۆر بوون.

**ماددەی (٦):** ئەو فەرمانبەرەی مۆڵەتی خوێندن وەردەگرێت دەبێت پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

**یەکەم:** پابەندبوون بە بەڵێننامە و گرێبەستی تایبەت بە مۆڵەتی خوێندن بەپێی فۆرمەکانی ژمارە (٢) بۆ بەڵێننامە و ژمارە (٣) بۆ گرێبەست، کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەن.

**دووەم:** مەرج نییە پابەندیی خزمەتکردن لەدوای بەدەستهێنانی بڕوانامە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەمان ئەو فەرمانگەیە بێت کە لەسەرەتادا مۆڵەتی خوێندنەکەی لێ وەرگرتووە، بەڵکو بەپێی پێویستی سوود لە ڕاژەکەی وەردەگیرێت لە فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق. فەرمانبەر لەکاتی گواستنەوەی ڕاژەکەی بۆ فەرمانگەیەکی تر، سەرجەم پابەندییەکانی کە بەپێی بەڵێننامە و گرێبەست لەسەریەتی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو فەرمانگەیەی کە گواستنەوەکەی بۆ دەکرێت و هەر ئەو فەرمانگەیەش بەرپرسە لە جێبەجێکردنی تەواوی بڕگەکانی بەڵێننامە و گرێبەستی فەرمانبەرەکە، نابێت گواستنەوەی ڕاژە لەم حاڵەتەدا لەسەر داوای فەرمانبەرەکە بێت.

**سێیەم:** پێشکەشکردنی دەستەبەرێکی دارایی کە بڕەکەی لانی کەم بارتەقای تێچووی خوێندن و ئەو دەرماڵە و خەرجییانە بێت کە لەماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی وەریدەگرێت، بەپێی فۆرمی ژمارە (٤) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

**چوارەم:** لە ئەستۆگرتنی هەموو ئەو تێچووە داراییانەی کە لەماوەی خوێندنەکەیدا بۆی خەرجکراوە، بە مووچەی مانگانەشەوە لە حاڵەتی سەرنەکەوتن، جگە لە حاڵەتەکانی سەرنەکەوتن بەهۆی نەخۆشییەوە کە ڕێگربێت لەبەردەوامبوون لە خوێندن بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکیی پەسەندکراو لەلایەن لیژنەی پزیشکی فەرمی پسپۆڕەوە لە هەرێمی کوردستان، و یان بەهۆی ئەو حاڵەتە کتوپڕانەی کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم بەردەوامبوونی خوێندن.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت، دەتوانێت مۆڵەتی خوێندنی فەرمانبەر درێژ بکاتەوە لەکاتی پێویستدا و پاڵپشت بە پشتگیری دامەزراوەی خوێندنی فەرمانبەر، بەمەرجێک فەرمانبەر پێش کۆتاییهاتنی ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی داواکاری پێشکەش بکات، و درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- درێژکردنەوەی یەکەم بۆ ماوەیەک دەبێت کە لە (٦) شەش مانگ تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی ماوەی مۆڵەتی خوێندن دەستپێدەکات، بەمووچەی بنەڕەتی ودەرماڵە جێگیرەکان دەبێت

٢- درێژکردنەوەی دووەم بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ دەبێت لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی درێژکردنەوەی یەکەم دەستپێدەکات، بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان دەبێت.

٣- درێژکردنەوەی سێیەم بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ دەبێت لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی درێژکردنەوەی دووەم دەستپێدەکات، بەبێ مووچە و دەرماڵە دەبێت.

**دووەم:** هەر فەرمانبەرێکی مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن دوای تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی و ئەو درێژکردنەوانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە، خوێندنەکەی تەواو نەکردبێت و بڕوانامەکەی بەدەست نەهێنابێت، ئەوا بە سەرنەکەوتوو دادەنرێت بە ڕەچاوکردنی حاڵەتەکانی هاتوو لە بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (٦)ی ئەم ڕێنماییە و ماوەی خوێندنەکەی بە مۆڵەتی بێ مووچە ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٨):** فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات ماوەی پێویستی پێ دەدرێت بۆ فێربوونی زمان، سەرەڕای ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکە، بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم:** بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی ماوەی (٦) شەش مانگ، و دەکرێت (٣) سێ مانگی دیکەی بۆ درێژبکرێتەوە.

**دووەم:** بۆ خوێندنی زمانەکانی دیکە ماوەی (١) یاک ساڵ، بەبێ ئەوەی مافی درێژکردنەوەی هەبێت.

**سێیەم:** فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن، ماوەی فێربوونی زمانی پێ نادرێت ئەگەر دەرچووی زانکۆ یان دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵای تایبەت بەو وڵاتە بێت کە خوێندنەکەی لێ تەواو دەکات، یان ئەگەر دەرچووی زانکۆ یان دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵای تایبەت بە زمانی ئەو وڵاتە بێت کە خوێندنەکەی لێ تەواو دەکات.

**چوارەم:** ئەو زانكۆ و دامەزراوانەی خوێندنی باڵا كە فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن ناچار دەكەن بە خوێندنی زمان، لە بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە دەبەخشرێن.

**ماددەی (٩):** ماوەی مانەوەی فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**یەكەم:** ماوەی مانەوەی فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو لە وڵاتی خوێندن نابێت پچڕپچڕ بێت.

**دووەم:** بۆ خوێندنی ماستەر ماوەی مانەوە لە (١) یەک ساڵی ئەكادیمی كەمتر نەبێت.

**سێیەم:** بۆ خوێندنی دكتۆرا ماوەی مانەوە لە (٢) دوو ساڵی ئەكادیمی كەمتر نەبێت.

**ماددەی (١٠):** ئەو فەرمانبەرانەی كە پێش جێبەجێكردنی پەیڕەوی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ لە كاتی مۆڵەتی هاوەڵی هاوسەر بڕوانامەیان بەدەستهێناوە و فەرمانگەكەی پێویستی بە بڕوانامەكەیەتی، ئەوا بۆ مەبەستی ئەژماركردنی بڕوانامەكەی پێویستە بە نووسراوی فەرمی لەلایەن وەزارەتەكەی یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ئاڕاستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بكرێت، تاكو لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسەند بكرێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:

**یەكەم:** بڕوانامەكانیان لەو زانكۆیانە بەدەست هێنابێت كە لەلایەن وەزارتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دانپێنراوە و هەموو مەرجەكانی دیكەی بەدەستهێنانی بڕوانامە و ڕاستاندن و یەكسانكردنی بڕوانامەی تێدابێت.

**دووەم:** پێویستە بڕوانامەكەی لەهەمان پسپۆری بێت، و لەكاتی دیاریكراوی مۆڵەتی هاوسەری خوێندنی تەواوكردبێت و بڕوانامەكەی بەدەستهێنابێت.

**سێیەم:** هیچ پابەندبوونێكی دارایی لەسەر حكومەت دروست نەكات تایبەت بە ماوەی تەواوكردنی خوێندنەكەی.

**چوارەم:** پابەند بێت بە خزمەتكردن لە دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە وەزارەتەكەی یان لایەنی پەیوەندیدار بۆی دیار دەكات بەپێی پێداویستی و پسپۆری و ڕاژەكەی.

**پێنجەم:** لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی وەزاری تایبەت بە پەسەندكردنی بڕوانامەكەی كە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەردەچێت، بڕوانامەكەی ئەژمار دەكرێت.

**ماددەی (١١):** كار بەهیچ ڕێنمایی وبڕیار و گشتاندنێک ناكرێت كەپێچەوانەی حوكمەكانی ئەم ڕێنماییە بێت

**ماددەی (١٢):** ئەم ڕێنماییە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.

**د. ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**فۆرمی ژمارە (١)**

پێداویستی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بەوەزارەت بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن

وەزارەت / لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت (                                    )

| ژ | جۆری بڕوانامە | پسپۆری | ژمارەی کورسی خوێندن | بابەت/ بواری توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | |
| ٢ | | | | |

مۆرو واژووی

وەزیری پەیوەندیدار/ سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت

---

**فۆرمی ژمارە (٢)**

**بەڵێنامەی قوتابی / خوێندکار**

پاڵپشت بە حوکمەکانی مادده (٥٠) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی (١٩٦٠) ی هەموار کراو ، وە لەسەر بنەمای پێدانی مۆڵەتی خوێندن لەلایەن (وەزارەتی / لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت :                    ) بۆ ماوەی (                    ) ساڵ ، بەپێی نووسراوی ژمارە (              ) لە ڕێکەوتی (   /   /  ٢٠) بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی (                    ) لە زانکۆی (                    ) کۆلێژی (                    ) لە دەرەوەی / ناوەوەی کوردستان.

**بەڵێن دەدەم پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوەبم :**

١- دەستکردن بە خوێندن و پابەند بوون بە ڕێنمایی و فەرمانەکانی جێبەجێکراو لەماوەی خویندنەکەم.

٢- دوای وەرگرتنی مۆڵەتی خویندن لەماوەی (٣) سێ مانگ لە ڕێکەوتی دەست لە کار هەڵگرتنم لە کارەکەم ، پشتگیری زانکۆ یان ئەو کۆلێژەی تیایدا دەخوینم پێشکەش بەوەزارەت یان شوینی کارەکەم بکەم بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە دەستم بە خوێندن کردوە.

٣- پابەند بوونم بە دەستکردن بە خوێندن لەو بابەتەی کە مۆڵەتی خویندنم پێبەخشراوە بۆی ، وە بەهیچ شێوەیەک زانکۆ و بابەتی خوێندنەکەم ناگۆڕم ، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی و نووسراوی فەرمی وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت.

٤- لەکۆتایی هەر ساڵێکی خویندن پشتگیری ئەو زانکۆیەی تیایدا دەخوینم پێشکەش بە شوینی کارەکەم بکەم بۆ دڵنیا بوون لەوەی بەردەوامم لە خویندنەکەم.

٥- ڕاستەوخۆ دوای تەواو بوونی خوێندنەکەم نووسراوی پشتگیری زانکۆکەم پێشکەش بە شوینی کارەکەم دەکەم کە تیایدا هاتبێت بڕوانامەم بەدەستم هیناوە.

٦- دوای کۆتایی هاتنی خوێندنەکەم دەست بکەمەوە بە کاری فەرمانبەریم و بەردەوام بم لە خزمەت کردنی لەسەر میلاکی حکومەت بۆ ماوەیەک کە لە دوو هێندەی ماوەی مۆڵەتی خویندنەکەم کەمتر نەبێت ، وە بەپێی پێویستی ڕاژەکەم و بەرژەوەندی گشتی ئامادەم لەهەر فەرمانگەیەکی حکومەت دابنرێم خزمەت بکەم.

٧- ئامادەم کۆی گشتی ئەو مووچە و دەرماڵە و پارە و خەرجیانەی پێمبەخشراوە و یان وەکو هاوکاری بۆم خەرج کراوە بیگەڕێنمەوە بۆ شوینی کارەکەم (وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت) کە وەرمگرتووە لە ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەم ، لەم حاڵەتانەی خوارەوە :

أ- ئەگەر هاتوو مۆڵەتی خوێندنەکەم هەڵوەشایەوە بەهۆی کۆتایی هینان (فصل) یان دەرکردن (عزل) لە ڕاژەکەم یان هەر هۆکارێکی تر.

ب-ئەگەر وازم لە خوێندن هێنا بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت.

ت-ئەگەر ئەو بڕوانامەیەم بەدەست نەهێنا کە داواکراوە بەپێی ئەم بەڵێننامەیە بەهەر هۆکارێک ، جگە لە نەخۆشیەک کە ڕێگربێت لە بەردەوامی خوێندن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوە ، ئەمەش دەبێت پشتگیری بکرێت بە ڕاپۆرتی پزیشکی پەسەند کراو تایبەتمەند یان بارودۆخیکی نەخوازراو (ظروف قاهرة) کە ڕێگربێت لەوەی قوتابی یان خوێندکار لە خویندنەکەی بەردەوام بێت.

ث-ئەگەر پابەند نەبووم بە خزمەت کردن لەسەر میلاکی حکومەت ، دوای بەدەست هێنانی بڕوانامە یان دەستم لە کاری فەرمانبەری کێشایەوە (استقلت من الوظیفة) دوای تەواو بوونی ماوەی مۆڵەتی خویندنەکەم یان ئەو ماوەی کە پێویستە خزمەت بکەم بەپێی برگەی (٦) شەشەم لەسەرەوە ئاماژە پێکراو.

ج- ئەگەر دواکەوتم لە گەڕانەوە یان دەستکردنەوە بە کاری فەرمانبەری دوای کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەم بەپێی ئەو ماوەی مۆڵەتیم پێدراوە یان بەکۆتایی هاتنی ماوەی درێژکردنەوەی مۆڵەتەکەم.

**واژوو و ناوی سیانی بەڵێندەر**

**ناونیشان و ژمارەی موبایل :**

**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**

**فۆرمی ژمارە (٣)**

**ڕێکەوت / /٢٠٢١** **ژمارە :**

گرێبەستی خوێندن

لایەنی یەکەم/ وەزیری پەیوەندیدار / سەرۆکی دەستەی نەبەستراو بە وەزارەت......................................................:
لایەنی دووەم/ قوتابی خوێندکار ( ) نێردراو بۆ خوێندنی باڵا (.................)
یەکەم/ پابەندبوونی لایەنی یەکەم
لایەنی یەکەم پابەند دەبێ بەم خاڵانەی خوارەوە:

١-

٢-

٣-

دووەم/ پابەندبوونی لایەنی دووەم
لایەنی دووەم پابەند دەبێ بەم خاڵانەی خوارەوە:

١- دەست پێکردن بە خوێندن بە زووترین کات لەو بوار و پسپۆرییەی کە مۆڵەتی خوێندنی بۆ پێدراوە وە پابەند بوون بە ڕێنماییەکانی مۆڵەتی خوێندن و بڕیارەکانی لایەنی یەکەم و نەریتە گشتییەکان بە درێژایی ماوەی خوێندنەکەی.
٢- بە دەستهێنانی بڕوانامەی ( ) لە بواری ( ) لە زانکۆی ( ) لە وولاتی ( ) بۆ ماوەی ( ) ساڵ وە دەست پێکردن بە خوێندن بەپێ ی ئەوماوەیەی کە لە ئۆفەرەکە ئاماژەپێکراوە . ئەگەر هاتوو ئەو بڕوانامەی بە دەست نەهێنا پێویستە بگەڕێتەوە بۆ خزمەتکردن وە کۆی گشتی ئەو بڕە پارەیەی کە بۆی خەرجکراوە بەموچە و دەرماڵەکانەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی یەکەم، ئەگەر هاتوو بڕوانامەکەی بە دەست هێنا بەڵام نەگەڕاییەوە پێویستە کۆی گشتی ئەو مووچە و دەرماڵە و هەر پارەیەك وەریگرتووە و بۆ خوێندنەکەی خەرجکراوە بیگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی یەکەم تەنیا لە حاڵەتی نەخۆش بوون کە پاڵپشت بێت بە ڕاپۆرتێکی پزیشکی پەسەند کراو و باوەڕپێکراو لە لایەن دەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان.
٣- کارێك نەکات کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە ناو و ناوبانگی هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتەشی کە تێیدا دەخوێنێ.
٤- ئەگەر لایەنی دووەم سەرپێچی بڕگەکانی ئەم گرێبەستەی کرد یان حوکم درا بە کارێك لە جۆری تاوان یان کەتن (جنايه أو جنح) ، لایەنی یەکەم یان ڕێپێدراوەکانی بۆی هەیە تاك لایەنە کۆتایی بە خوێندنەکەی بێنێت و داوای لێبکات بە گەڕانەوەی بۆ وڵات وە داوای هەموو پارە خەرجکراوەکانی بکاتەوە.
٥- لایەنی دووەم پابەند دەبێت بە نەگۆڕینی وڵاتی خوێندن و زانکۆ و پسپۆرییەکەی کە ئاماژەی پێکراوە لەم گرێبەستەدا، تەنیا لە حاڵەتێکی ناچاریی یان بەرژەوەندی گشتی بخوازێت بە مەرجێك ئەم کارەی بە پشتگیریی مامۆستایی سەرپەرشتیار بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گۆڕانکاریەك لە بوار و بەشی خوێندن ناکرێ ئەگەر ڕەزامەندی لایەنی یەکەم و لایەنی پەیوەندیداری لەسەر نەبێ.
٦- لایەنی دووەم بۆی نییە زیاتر لەو ماوەی کە لەم گرێبەستدا ئاماژەی پێکراوە بمێنێتەوە تەنانەت ئەگەر لەسەر خەرجی خۆی بێت، تەنیا لە حاڵەتێك کە ناچار بە مانەوە بێت بە مەبەستی پراکتیکی و ڕاهێنان لەو بوارەی کە تێدا دەخوێنێ یاخود ڕێگریەك لەدەرەوەی ویستی خۆی بێت ، لەمەشدا پێویستە پشتگیری مامۆستای سەرپەرشتیار یان زانکۆکەی کە تێیدا دەخوێنێ پێشکەش بەلایەنی یەکەم بکات ڕەزامەندی لەسەر دەربڕێت لەچوارچێوەی یاسا و ڕێنماییانە بەرکارەکان کە لەم بارەییەوە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیەوە دەرچووە.
٧- لایەنی دووەم پابەند دەبێ بە خزمەتکردن لە دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی پەیوەندیدار / سەرۆی دەستەی نەبەستراو بە وەزارەت (.....................................................................) ڕاستەوخۆ دوای تەواو کردنی خوێندن بۆ ماوەی (٢) دوو هێندەی ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی ، شوێنی خزمەتکردنەکەشی بە پێی پلانی ستراتیژیی و پێویستی لایەنی یەکەمە لەمەشدا لایەنی یەکەم سەرپشك و ئازادە بە دەستنیشانکردنی شوێنی خزمەت بۆ لایەنی دووەم، ئەگەر هاتوو لایەنی دووەم دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەکە گەڕایەوە بەڵام ئەم ماوەیەی کە ئاماژەی پێکراوە بە تەواوی خزمەتی نەکرد بە هەر هۆکارێکی لە کاردابڕان یان دەست لە کارکێشانەوە یان دوورخراوە لە وەزیفەکەی، یان لە کاتی خزمەتکردنی دەرکەوت کە توانای وەك پێویست نییە، دەبێ لایەنی دووەم کۆی گشتی بڕی ئەو پارەیەی کە لەماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی بۆی خەرجکراوە بگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی یەکەم.
٨- لایەنی دووەم پابەند دەبێت بە هەموو ئەو خاڵانەی لەناوەڕۆکی فۆرمی ژمارە (٢) تایبەت بە مۆڵەتی خوێندن هاتووە کە تایبەتە بەڵێنامەی قوتابی / خوێندکار.

٩- لایەنی دووەم مافی درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندنی هەیە لەکاتی پێویستی خوێندنەکەی لە چوار چێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان تایبەت بە مۆڵەتی خوێندن ، بەمەرجێك پشتگیری سەرپەرشتیار و زانکۆ پێشکەش بکات بەر لە لەوەی مۆڵەتی خوێ،دنەکەی کۆتایی بێت .

١٠- لایەنی دووەم پابەند دەبێت بە ماوەی مانەوە پێویست لە وڵاتی خوێندن لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکانی مۆڵەتی خوێندن و یەکسانکردنی بڕوانامەکان.

| واژووی لایەنی دووەم | واژووی لایەنی یەکەم |
|---|---|
| قوتابی / خوێندکار : | وەزیری پەیوەندیدار / سەرۆکی دەستەی نەبەستراو بە وەزارەت |
| ژ.مۆبایل : | سەرەڕای کارەکەی |
| ژ.پاسپۆرت: | |
| ئیمەیل : | |
| ناوونیشان و نزیکترین شوێن : | |
| ناو و ژمارەی موبایل کفیل : | |

**فۆرمی ژمارە** (٤- أ)

## دەستەبەری بۆ خوێندنی ناوخۆی وڵات

**ڕێکەوت / /٢٠٢١**

**ژمارە :**

**بەڵێننامەی دەستەبەری کەسایەتی (تعهد الكفيل الضامن)**

من کە لەخوارەوە واژووم کردوە ( ) پاڵپشت بە نووسراوی پشتگیری ژمارە ( ) لە ڕێکەوتی دەرچووە لە ( ) بووم بە کەفیلی ( ) بەبڕی ( ) ملیۆن دیناری عێراقی ، بەهۆی ئەوەی مۆڵەتی خوێندنی پێدراوە لەلایەن( ) بۆ بەدەست هینانی بڕو انامەی ( ) لە بواری ( ).

**بەڵێن دەدەم :**

کۆی گشتی ئەو پارەیەی دەکەوێتەی ئەستۆی ناوبراو بدەم بە گەنجینەی حکومەت لەسەر داواکاری لایەنی تایبەتمەند بەم دەستەبەریە لەکاتی پابەند نەبوونی مۆڵەتپێدراو بۆ خویندن بە ناوەڕۆکی ئەو بەڵێننامەی پێشکەشی کردوە بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی داوکراو ، وە دەستبەرداری کۆی گشتی موڵک و ماڵی گوازراوە و نەگوازراوەم دەبم کە خاوەنداریەتی بۆ من دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستی پێدانی ئەو بڕە پارەیەی لەم دەستەبەریە نووسراوە ، بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومیەکان ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ی هەموار کراو ، هەروەها ڕەزامەندم کە تەنها دادگاکانی کوردستان لایەنی تایبەتمەند و یەکلاکەرەوە بن لەهەر داوایەک (الدعاوى) کە دروست دەبێت لە سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەم دەستەبەریە ، وە ئەو زانیاری و ناونیشانەی لە خوارەوە هاتووە شوێنی دروست و بڕواپێکراوی منە بۆ ئەنجامدانی هەر ڕێکار و پێڕ اگەیاندنێکی یاسایی و پابەندم بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی تایبەتمەند بەم دەستەبەریە لە حالەتی هەر گۆڕانکاریەک تیایدا ، بۆیە لەخوارەوە واژووم کرد.

واژووی کفیل :
ناوی کفیل :
ناونیشان :
نزیکترین شوێن :
ژمارەی موبایل :
ژمارەی ناسنامە (کارتی نیشتمانی / پاسپۆرت ) :
ژمارەی فۆرمی خۆراک :
ژمارەی کارتی زانیاری : ب.کاروباری یاسایی
ناونیشان و ژمارە موبایلی موختاری گەڕەک :

**تێبینی / بڕی دەستەبەری وەرگیراو بەپێی جۆری خوێندنەکە لەناوخۆی وڵات بەم شێوەیەی خوارەوەیە :**

- خوێندنی دبلۆمی باڵا / ناوخۆ بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار /دبلۆمی باڵا دەرەوەی وڵات بڕی (٢٠،٠٠٠،٠٠٠)بیست ملیۆن دینار .
- خوێندنی ماستەر / ناوخۆ بڕی (٣٠،٠٠٠،٠٠٠)سی ملیۆن دینار/ خوێندنی ماستەر / دەرەوەی وڵات بڕی (٥٠،٠٠٠،٠٠٠)پەنجا ملیۆن دینار.
- خوێندنی دکتۆرا / ناوخۆ (٧٥،٠٠٠،٠٠٠) حەفتاو پێنج ملیۆن دینار / خوێندنی دکتۆرا / دەرەوەی وڵات (١٢٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد و بیست ملیۆن دینار

**فۆرمی ژمارە (٤- ب)**

**دەستەبەری بۆ خوێندنی دەرەوەی وڵات**

**ڕێکەوت / /٢٠٢١**

**ژمارە :**

**دەستەبەری دارایی**

من کە لەخوارەوە واژووم کردوە (                    ) بووم بە کەفیلی (                    )

بەبڕی (          ) ملیۆن دیناری عێراقی بۆ بەرژەوەندی وەزارەتی (                    )

بەهۆی ئەوەی مۆڵەتی خوێندنی پێدراوە لەلایەن(                    ) بۆ بەدەست هینانی بڕو انامەی (

) لە بواری (                    ).

پاڵپشت بە نووسراوی پشتگیری ژمارە (          ) لە ڕێکەوتی (          ) دەرچووە لە (                    )

نیشانەی گلدانەوە (حجز) دانراوە لەسەر موڵکی ژمارە (                    ).

**ئامادەم :**

کۆی گشتی ئەو پارەیەی دەکەوێتەی ئەستۆی ناوبراو بدەم بە گەنجینەی حکومەت لەسەر داواکاری لایەنی تایبەتمەند بەم دەستەبەریە لەکاتی پابەند نەبوونی مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن بە ناوەڕۆکی ئەو بەڵێننامەی پێشکەشی کردوە بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی داوکراو ، وە دەستبەرداری کۆی گشتی موڵک و ماڵی گوازراوە و نەگوازراوەم دەبم کە خاوەنداریەتی بۆ من دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستی پێدانی ئەو بڕە پارەیەی لەم دەستەبەریە نووسراوە ، بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومیەکان ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ی هەموار کراو ، هەروەها ڕەزامەندم کە تەنها دادگاکانی کوردستان لایەنی تایبەتمەند و یەکلاکەرەوە بن لەهەر داوایەک (الدعاوی) کە دروست دەبێت سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم دەستەبەریە ، وە ئەو زانیاری و ناونیشانەی لە خوارەوە هاتووە شوێنی دروست و بڕواپێکراوی منە بۆ ئەنجامدانی هەر ڕێکار و پێڕ اگەیاندنێکی یاسایی و پابەندم بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی تایبەتمەند بەم دەستەبەریە لە حالەتی هەر گۆڕانکاریەک تیایدا ، بۆیە لەخوارەوە واژووم کرد

واژووی کفیل :

ناوی کفیل :

ناونیشان :

نزیکترین شوێن :

ژمارەی موبایل :

ژمارەی ناسنامە (کارتی نیشتمانی / پاسپۆرت ) :

ژمارەی فۆرمی خۆراک :                    ب.کاروباری یاسایی

ژمارەی کارتی زانیاری :

ناونیشان و ژمارە موبایلی موختاری گەڕەک :

**تێبینی / بڕی دەستەبەری وەرگیراو بەپێی جۆری خوێندنەکە لە دەرەوەی وڵات بەم شێوەیەی خوارەوەیە :**

- خوێندنی دبلۆمی باڵا بڕی (٢٠،٠٠٠،٠٠٠)بیست ملیۆن دینار .
- خوێندنی ماستەر بڕی (٥٠،٠٠٠،٠٠٠)پەنجا ملیۆن دینار.
- خوێندنی دکتۆرا (١٢٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد و بیست ملیۆن دینار.